السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# خەڵکانێک ئافرەت بکەن بە فەرمانڕەوا لەسەر کاروباریان هەرگیز سەرکەوتوو نابن

لە ئەبی بەکرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: خوای گەورە سوودی پێگەیاندم بەهۆی وشەیەکەوە کە لە پێغەمبەری خوداوە بیستم -صلى الله عليه وسلم- لە ڕۆژەکانی (جەنگی) جەمەلدا، پاش ئەوەی خەریک بوو بچمە ڕیزی هاوەڵانی جەمەلەوە* و لەگەڵیان جەنگ بکەم، (ئەبی بەکرە) دەڵێت: کاتێک هەواڵ گەیشت بە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کە خەڵکی فارس کچەکەی کیسرایان کردووە بە پاشای خۆیان، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خەڵکانێک ئافرەت بکەن بە فەرمانڕەوا لەسەر کاروباریان هەرگیز سەرکەوتوو نابن». *(هاوەڵانی جەمەل یان هاوەڵانی وشتر -أصحاب الجمل-: کۆمەڵێک بوون بەم ناوە ناسراون لە گێڕانەوەکاندا)

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

ئەبی بەکرە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە خوای گەورە سوودی پێگەیاند لە ڕۆژەکانی (جەنگی) جەمەلدا بەهۆی چەند وشەیەک کە لە پێغەمبەری خوداوە بیست بووی -صلى الله عليه وسلم- ، وسوود وەرگرتنی ئەبی بەکرە -ڕەزای خوای لێبێت- لەو وشانە ئەوە بوو پاراستی لە دەرچوون وبەشداری کردن لە فیتنە وناکۆکیەکاندا، باسی ئەوەی کرد کە گوێی لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کاتێک پێی گەیشت کە خەڵکی فارس کچەکەی کیسرایان کردووە بە پاشای خۆیان لە پاش مردنی باوکی، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (خەڵکانێک ئافرەت بکەن بە فەرمانڕەوا لەسەر کاروباریان هەرگیز سەرکەوتوو نابن)، وماناکەی ئەوەیە خەڵکانێک تووشی خێر وسوود نابن بەهۆی ئەوەی ئافرەتێکیان کردووە بە فەرمانڕەوای گشتی وەکو سەرۆک یان وەزیر یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان دادوەر وبەو شێوەیە لە پۆست وپلە باڵاکانی وڵات؛ چونکە خوای گەورە پلەیەک فەزڵی داوە بە پیاوان لەسەر ئافرەتانەوە لە بنچینەی پێکهاتەی لاشە وتوانا وئارامگرتنیان، وئەو هێز وتوانا وئارامگرتن لەسەر ناڕەحەتی لە لای پیاو هەیە؛ لای ئافرەت کەمە یان بوونی نییە، بۆیە بەهۆی بچووکترین کێشەوە لەوەیە هەندێک ئافرەت شتی خراپ بەسەر خۆیدا بهێنێت ئەمیش بەهۆی زاڵبوونی لایەنی هەست وسۆز بەسەر ئافرەتەوە، بۆیە پیاو شایستەترە ئەو پۆستە باڵایانەی پێبدرێت، ئەمە ستەمکردن نییە لە ئافرەت بەڵکو ئەوپەڕی دادپەروەرییە چونکە حوکمی خوای گەورە -سبحانە وتعالی-، وهەروەها بە درێژایی مێژوو کافرەکان پلەوپایەی باڵایان بە پیاوان داوە وئێستاش لە زۆربەی وڵاتە بێباوەڕەکان بەهەمان شێوەیە بۆیە ناکرێت لەسەر ئەمە ڕەخنە لە ئاینی ئیسلام بگیرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64687

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee